# ئەمنستی ئەنتەر ناشنال

**بەروار**:2005-5-9

**بابەت:زیندانی ئینفرادی \مەترسی \ئەشکەنجە**

**عیراق**

**"ریبوارعارف (تەمەنی لە چلەکاندا) سکرتیری گشتی فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی "**

لە 5 ئایارەوە ریبوار عارف لەزیندانی ئینفرادی دا گیراوە .ئەمنستی ئەنتەر ناشنال ترسی ئەوەی هەیە کە دەگونجێ مەترسی شکەنجەدان و بەدرەفتاری هەبێ جەنکە وا تسور دەکرێ کەلە مقری سەرەکی ئاسایش لە سلیمانی ،باکوری عیراق گیرابێت .

ریبوارعارف لە 5ی ئایاردا لەلایەن هیزەکانی ئاسایشەوە دەستگیرکرا پاش ئەوەی خۆی تەسلیمی دەسەلاتداران کردوە .رۆژی پێشووتر دا گوزارش کراوە لەکاتی خۆپشاندانێکی خۆیندکاراندا لەسلیمانی قسەوباسی پێش کەشکردوە، کە لەوێ رەخنەی لە یەکیتی نیشتمانی کوردستان گرتووە .ئەم حزبە کە یەکیکە لەدوو حزبە سەرەکیە سیاسیە کوردیەکان کە کۆنترۆلی باکووری عیراق دەکات .

هیزەکانی ئاسایش پاش خۆپشاندانەکە ی 4 ی ئایار بەدوای ریبوارعارف دا گەران تاکو دەستگیری بکەن بەلام کاتێ کە نەیانتوانی دەستگیری پەیدای بکەن براکەی کەناوی( دیاری) یە و کەسیکی تریش لەگەلیدا دەستگیر دەکەن.

**زانیاری پێشینە(خلفیە المعلومات):**

لەسالّی 1991 ە وە هەندێ ناوچەی باکوری عیراق لەلایەن حزبی دیمکراتی کوردستان و یەکیتی نیشتمانی کوردستان ە وە کۆنترۆل دەکرێ .ئەم ناوچەیە کوردیە ئۆتۆنۆمیەکی زۆری بووە وە بەردەوامە لەسەری پاش هەلّبژاردنی 30-1-2005 لەعیراقدا کە جمیعە وەتەنی وە پەرلەمانی کوردی هەلّبژیراوی بینی. سکرتیری گشتی یەکیتی نیشتمانی کوردستان جلال تالەبانی وەك سەرۆك کۆماری عیراق لە 7 نیسان دا هەلّبژیردرا.

**کاری راسپیردراو**:

تکایە خواست وداوا کانتان بنیرن کە بە زووترین کات بگات بە ئینگلیزی یان بە زمانی خۆتان:

- داوابکەن هۆکانی دەستگیرکردن و گرتنی ریبوارعارف روون بکرێتەوە.
- داوای زەمانەت بکرێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئینسانیانە مامەلە بکرێ وە ئەشکەنجە نەدرێ و بەدرەفتاری لەگەلّ نەکرێ.
- پێداگرتن لەسەر ئەوەی کەدەستی بگات بەمحامی وەخزم و کەس وکاری هەر کۆمەك و یارمەتیەکی پزیشکی گەر پێویست بێت.
- داواکردنی ئازاد کردنی فەوری مەگەر ئەوەی بەرەسمی تاوان بار بکرێ بەکارێکی تاوانکارانەی ئیقرار لەسەر کراو.

**خواست وداواکاریەکان بنیردرێ بۆ** :

**بەریز جلال تالەبانی سەرۆك جمهوری عیراق**

**قسر المعارز**

**بغداد-العراق**

**ریزو سلاو**

**بەریزتان گەر فاکستان هەیە ،تکایە داواکاریەکانتان بنێرن لەرێگەی مەکتبەکانی یەکیتی نیشتمانی لەدەرەوە و داوایان لێ بکەن کە بنیردرێ بۆ سەرۆك تالەبانی .**

- **ئۆفیسی یەکیتی لە بەریتانیا ژمارە فاکس** :00442078400630
- **ئۆفیسی یەکیتی لە ئەمریکا ژمارە فاکس** :001 2026372723
- **ئۆفیسی یەکیتی لە ئەلّەمانیا ژمارە فاکس**:00493086398794
- **ئۆفیسی یەکیتی لە فەرەنسا ژمارە فاکس** :0033140900282
- **ئۆفیسی یەکیتی لە ئیتالیا ژمارە فاکس** :0039065037120(**گەر کەس وەلامی دایەوە داوای خەتی ژمارە فاکسی لێ بکەن**).
- **ئۆفیس یەکیتی لە یەکیتی ئەوروپی**:0031703895832 ((**گەر کەس وەلامی دایەوە داوای خەتی ژمارە فاکسی لێ بکەن**).
- **ئۆفیسی یەکیتی لە سوید**(00468917693)( **گەر کەس وەلامی دایەوە داوای خەتی ژمارە فاکسی لێ بکەن**).

**کۆپی بۆ** :**نۆینەری دیپلۆماسی معتمدی عیراق لە وولاتە کەتدا.**

**تکایە داواکاریەکان بەشێوەیەکی فەوری بنیرن .گەر پاش** 2005-6-20 **ناردتان ئەوا لەگەل سکرتاریەتی نیو دەولەتی یا ئۆفیس ناوچەیی باسی بکەن.**

---

**تیبینی : ئەم نامەیە لە لایەن فدراسیۆنی سەرتاسەری یەوە لە لەندەن لە لایەن( سالار ئەکرم) تەرجەمە کراوە ،**
**داواکارین بۆ دام و دەزگاکانی راگەیاندی کوردی و ریکخراوە پەنابەری و انسانی  و بە دەستی پەنابەرانی بگەیەنن.**
**سەرکەووتووبن**
**دەشتی جەمال**
2005-5-10